شەرحو لێکدانەوەی عەقیدەی تەحاوی
نووسینی: شێخی دکتور سفر عبدالرحمن الحوالی
وەرگێڕانی: باوکی موحەممەد

پێشەکی شەرح و ڕاڤەکردنی عەقیدەی تەحاوی
ئالْقەی یەکەم
بەشی یەکەم

پێشەکی
(1)

إنَّ الْحَمْدَ لِلَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونستهديه ونستغفره، ونَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شرور أَنْفُسِنَا ومِنْ سَيِّئاتِ أَعْمَالِنَا،مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلَا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَا هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ اللهم علمنا ما ينفعنا، وانفعنا بما علمتنا، وارزقنا من كرمك وإحسانك يا أرحم الراحمين، اللهم إنا نعوذ بك من علم لا ينفع، ومن قلب لا يخشع، ومن عين لا تدمع، ومن دعوة لا يُستجابُ لها.

بە یارمەتی خوای گەورە دەست ئەکەین بە شەرح و لێکۆڵینەوەی ئەم عەقیدەو بیروباوەڕە پیرۆزو بە نرخە، عەقیدەی ئیمام ئەبی جەعفەری طحاوی ئەزدی میسری حەنەفی.

پەندو ئامۆژگاری لە ژیانی طحاوي

ئیمامی (تەحاوی)کچەزای (موزەنی) هاوەڵی (شافعی)یە، سوودو قازانجی زۆری بە مەزهەبی شافعی گەیاندووە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا کاتێك بۆی دەرکەوت کە هەق لە گەڵ پەیڕەی ئیمام (ئەبی حەنیفە)یە خوا لێی ڕازیبێ، چۆتە سەر مەزهەبی ئەو، لە گەڵ ئەوەشدا پابەد (مقید) نەبووە بەوەی کە هەرچی لە مەزهەبەکەدایە وەری بگرێت و لێی لا نەدات؛ بەڵکو بە پێچەوانەی مەزهەبیشەوە فەتوای داوە.

کاتێك لێی ئەپرسن: تۆ کە لە سەر مەزهەبی ئیمام ئەبی حەنیفەیت، چۆن بە پێچەوانەی مەزهەبەوە فەتوا ئەدەیت؟!!

لەوەڵامدا دەڵێت: (وهل من مقلد إلا غبي) (وە ئایا کەسێك گەوج نەبێت ئەبێتە (مقلد)و چاولێکەر).

مەبەستی لەم قسەیە ئەوە بووە کە عیلم و زانست و زانیاری پێشەوای بووەو مەبەستی گەشتن بە حەقیقەت و ڕاستی بووە، هەمیشە لە گەڵ بەڵگەدا بووە، شوێن هەق کەوتووە جا لە گەل هەر پێشەوایەك، یان هەر دروشم و پەیڕەوێك، یان لە هەر کتێبێکدا بوبێت. کاتێك هەقی بۆ ڕونبۆتەوە باوەڕی پێ هێناوەو شوێنی کەوتووەو دەمارگیری مەزهەبی نەبووە بۆ هیچ لایەك و هیچ پەیڕەو مەزهەبێکی داریکراو.

ئیمامی (تەحاوی) ڕەحمەتی خوا لێبێ کتێب و دانراوی زۆری هەن کە بەڵگی فراوانی عیلم و زانسیت ئەوون.

ئەم بیروباوەڕەی نوسیوە تاکو عەقیدەو بیروباوەڕی ئیمام(ئەبو حەنیفە) و هەردوو قوتابیەکەی(ئەبی یوسف) و(محمدی کوڕی حەسەن) ڕوون بکاتەوە، تاکو بە موسڵمانان و بە حەنەفیەکانیش -کە لە هەموو مەزهەبەکان بلاڵ وترەو شوێنکەوتەی زیاترە بڵێت کە-:

کە عەقیدو بیرو باوەڕی دروست و بەجێ ئەم عەقیدەیە ئیتر مرۆڤ لە سەر هەر مەزهەبێگ بێت لە بوارەکانی دیکەدا گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە لە عەقیدەو بیروباوەڕیدا بەم شێوەیە بێت و بۆی نیە پێچەوانەی ئەم عەقیدەیە بێت.

ئینجا دوای ئەوە ئەحکام و فەرمانەکانی تری شەریعەت وەك ورد بوونەوە لە ئەحکامەکانی دین (فقه) و ئەوانی تر-بە تایبەت ئەوانەی کە بواری کۆشش و ئیجتیهاد و ڕاجوداییی تیایاند کراوەیە- ئەوە هیچ نەنگی و قەدەغەییەکی تیا نیە کە هەر کەسە بتوانێت کە ئەوەی کە لە گەڵ بنەما شەرعیەکان ئەگونجێت وەریان بگرێت، ما دەم ئەهلی ئەوەیە کە کۆشش (اجتهاد) بکات توانای هەبێت.



پەندو ئامۆژگاری لە ژیانی ابن أبي العز

لەو پەندو ئامۆژگاریانەی ئەتوانین کە لە ژیانی پێشەوا(ابن أبي العز) وەری بگرین ئەوەیە کە جیهادو هەوڵ و کۆششێکی زۆری لە ژیانیدا کردووە لە پێناوی بڵاوکردنەوەی ئەم عەقیدەو بیرو باوەڕەدا، بە ڕادەیەك گەیشتۆتە ئەشکەنجەدان و گرتن و زیندان کردن لە پێناویدا، لە گەڵ ئەوەشدا کە هەرچەندە دروست نیە کەسێك ئەو ناوەی لێ بنرێت و ناوبانگی پێوە دەربکات بە قازی قازیەکان " قاضي القضاة " ناوی دەرکردبوو، واتە گەورەی قازیەکانی سەردەمی خۆی.

قەزاوەتی گرتبووە دەست و قازی هەرە گەورەی سەردەمی مەمالیك بوو لە میسر، لەو کاتەدا ڕۆچوون و زیادەڕەوی لە خۆشەویستی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم لە شیعرو هۆنراوەو قسەی زرۆێکدا بە دی دەکرا، چونکە هەر لە سەدەی سێیەم و بە دواوە ئیتر لە هۆنراوەی شاعیرەکاندا پیاهەڵدانی زیادەڕۆیی و دوور لە شەرعی بە دی دەکرا، جا کاتێك گوێبیستی هۆنراوەی ئەو ئەمیرەیان خۆی ئەیڵێت یان بۆی ئەڵێن- ئەبێت، ئیمام(أبي العز) ناڕەزایی دەردەبڕێت و بەرهەڵستی دەکات، چونکە هۆنراوەکە لە هەندێ بڕگەیدا شیرك وهاوەڵگیری تێدا دەبێت، ئیمام گۆێ نادات بەوە کە ئەمە کێ ئەیڵێت یان شیعرو هۆنراوەی کێێە و ئەم شیعرە یەکێك لە ئەمیرەکانی خێزانی دەسەڵاتدار وتویەتی، ئەویش بۆ گۆێڕایەڵی ئەو فەرموودەیە کە ئەفەرموێت: { إن من أعظم الجهاد كلمة حق عند سلطان جائر } {بە ڕاستی لە گەورەترین جیهاد وشەیەکی هەقە لە کن دەسەڵاتدارێکی ستەمکار}رواه أبو داود (4344)، والترمذي (2174)، وابن ماجة (4011) عن أبي سعيد. جا کاتێك وشەی هەقی وت و ئەوەی ناڕەواو شیرك بوو لەو هۆنراوەیەدا ڕوونی کردەوە، ئەو هەڵوێستەی بووە هۆی لادانی لە پلەو پایەکەی و لە پاشانیشدا لە سەر ئەو هەڵوێستەی تووشی ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر هات.

بەڵام ئەمە گرنگ نیە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە -کە ئەم گرنگترین کارە- کە عەقیدەو بیرو باوەڕی دروستی نەدۆڕاند کە بە ڕاستی ئەوە بەهاترین وگرانترین شتێکە کە مرۆڤ خاوەنیەتی، مرۆڤ هەرچەندە لە خۆشی و ماڵ و پلەو سامانی دنیا بێ بەش بێت لە ڕاستیدا هیچی لێ ون نەبووە ئەگەر عەقیدە و بیرو باوەڕەکەی پارێزراو بێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر مرۆڤ خاوەنی هەموو سامان و خۆشیەکانی دنیا بێت، ئەگەر عەقیدەو بیرو باوەڕی نەبوو، ئەوە بە ڕاستی زەرەمەندەو بە تەواوی هەموو شتێکی لە دەست داوە.



ئەوگومانانەی سەبارەت بە دیاریکردنی لێکۆڵەرەوەی ئەم کتێبە دروست بوون.

پرسیارێك لێرەدا وروژێنراوە و هاتۆتە پێشێ ئەویش كە دەوترێت لێكۆڵەری ئەم عەقیدەیە ونە و نازانرێت كێیە؟

لە ڕاستیدا تێكەڵیەكە دروست بووە سەبارەت بە نیسبەت و وەپاڵدانی ئەم عەقیدەیە كە ئایا بۆ لای كێ وەپاڵ دەدرێ، هۆكەشی ئەوەیە كە هەندێ لە دەستنوسەكان ناوی نووسەرەكەی لە سەر نەنوسراوە.

یەكەم كەسێك كە ئەم عەقیدەیەی چاپ كردبێت-چاپی كۆنی- شێخ (ئەحمد شاكر) بووە ڕەحمەتی خوای لێبێ، لە سەر بنەمای ئەو نوسخەیەی كە لە كتێبخانەی حەرەم لە مەككەی پیرۆز بەر دەستی كەوتبوو، ئەو نوسخەیەش ناوی نوسەرەكەی لە سەر نەبووە، بەڵام عەقیدەكە دیارو ئاشكرایە كە خاوەنەكەی ئیمام (ابن أبي العز)ە، وە ڕوونیشە كە هەر ئەو بە شێوەیەكی سەلەفی و ڕێك و ڕوون شەرحی كردووەو لێكدانەوەی لە سەر كردووە.



بەڵگەكان لە سەر ئەوەن كە لێكۆڵەری عەقیدەی طحاوی پێشەوا (ابن أبي العز)ە.

1. (زوبەیدي) لە (شرح إحیاء علوم الدین)دا، بەشێكی زۆری لەم عەقیدەیە هێناوەو پاڵیداوەتە لای (ابن أبي العز)، (زوبەیدیش) لە گەورەترین ئەو زانایانەیە كە جێگەی سیقەو متمانەن لە شارەزاییاندا بە زانیاری بە پیاوان و بە دەستنوس 0(الرجال و المخطوطات)، -بە تایبەت كاتێك كە خۆی لە میسر بووە، كە زۆربەی دەستنوسەكانی لا كۆ بۆتەوەو شارەزایان بووە- ئەمەش پێش هاتنی هەڵمەت و هێرشی داگیركەرانی ئیستیعماری بۆ وڵاتەكانمان بووە كە هەرچی پاشماوەو كتێبخانەو دەستنوسەكانمان هەیە بردیان و فەرهودیان كرد و خستیانە گەنجینەو كتێبخانەكانی ئەوروپاوە، شێخ (ئەحمد شاكر) ڕەحمەتی خوای لێبێ بە پشت بەستن بەمە ئەوەی پەسەند كردووە كە لێكۆڵەری عەقیدەی طحاوی ئیمام (ابن أبي العز)ە.

وە ئەوەی كە زۆر دژ بەوەن كە ئەمە شەرحی ئەو بێ و دژی ئەم عەقیدەیە گومانیان دروستكردووە، گومانی هەندێ لە ئەهلی بیدعەو داهێنراوەكانە كە پێشەوا زۆر بە تونڈی دابەزیوەتە سەر بیرو بۆچوونە نارێكەكانیان، چونكە زۆر بەرەو ڕووی ئەو بیرو باوەڕو عەقیدە نارێك و بەتاڵانەی ئەو سەردەم بۆتەوە وەك سۆفیەكان، ئەشعەریەكان، ماتریدیەكان، موعتەزیلەكان، وە جەهمیەكان، جا ئیتر لە حاڵێكی وادا شتێكی سروشتیە كە كەسانێكی وەك ئەوانە وا بڵاو بكەنەوە كە ئەم عەقیدەیە خاوەنەكەی نەناسراوە، تاكو نرخ و بەهای لای خەڵكی كەم بكەنەوە.

22.22222 هەندێ دەستنووس لە توركیا دۆزراونەتەوە-نوسخەی تورکی- كە بە ئاشكرا ناوی نووسەرەكەیان لە سەر نوسراوە.



هۆی شاراوەیی ناوی نووسەر

ئەو نوسخانەی كە ناوی نووسەریان لە سەر نەبووە، ئەتوانین هۆكەی بگەڕێنینەوە بۆ ئەو تاقیكردنەوەو ئەشكەنجەو ناڕەحەتیەی كە توشی هاتووە، چونكە شێخی ئیسلام(ابن تیمیه) بە نموونە، چەند جارێك گیراوەو هەر لە گرتوخانەشدا مردووە، وە زۆرێكی تریش لە زانایان كە بەرهەڵستی شیرك وهاوەڵگیریان كردووە لەو سەردەمەدا بونە قوربانی ئەو بەرگری و جیهادو تێكۆشانەیان، چونكە لەو ڕۆژگارانەدا ئەوەی خاوەن عەقیدەو بیروباوەڕێكی ساغ و دروست بوایە و لە سەر عەقیدەی سەلەف بوایە لە دوو لاوە توشی ئەشكەنجەو ئازاری قورس و بە هێز ئەبوو، یەكەم: لە لایەنی زانایانی خراپ و سەر بە دەسەلا ت، دووەم:لە لایەن سوڵتانەكان و دەسەلا تدارەكان خۆیانەوە.

لە ئەنجامی ئەمەدا بە نامۆ نازانرێت کە چەند نوسخەیەك هەبێت ناوی دانەری لە سەر نەبێت، چونکە لەو ماوەی ئەشکەنجەیەدا کە هەندێ لە زانایان توشی هاتبوون، کتێبەکانیان هەڵگیراوە و ناویانی لە سەر نەنوسراوە، ئەمەش هەروەها لە گەڵ چەند کتێبیکی شیخ الاسلام (ابن تیمیه)دا ڕوبداوە.

بۆ کەسانێ کە قوتابی عیلم و زانستن ئەوەندە بەسیانە کە ئەم کتێبە بخوێننەوە و تێی بگەن ئیتر با نەشزانن کە نوسەرەکەی کێیە، مەبەست لێرە ئەوەیە: کە پێویستە لەو بارو دۆخە بێ ئاگا نەبین کە زانایان کتێبیان تیا نوسیوەو ئەو ئەشکەنجەو ئازارو ناڕەحەتیەی کە تووشی هاتوون.

3. وە لەو بەڵگانەش کە دەیسەلمێنن نووسەری ئەم کتێبە پێشەوا (ابن أبي العز)ە ڕەحمەتی خوای لێبێ، ئەوەیە کە (سەخاوی) –پێشەوای ناسراوەو مێژونووس و فەرموودەناس- پاشکۆیەکی لە سەر کتێبی (تأريخ الإسلام)ی پێشەوا (الذهبي) نوسیوە ڕەحمەتی خوا لێبێ، ناوی ناوە (ذيل تأريخ الإسلام)، وە ئەو کەسایەتیانەی تەواو کردووە کە دوای وەفاتی ئیمامی (الذهبي) هاتوون یان نزیك بەو وەفاتیان کردووە، ئینجاناوی ئەو زانایانەی هێناوەو تەواو باسی کردوون و مێژوی بۆ داناوون، کە یەکێك لەوانە پێشەوا (ابن أبي العز)ە.

وە ئەم وێنەیە لە کتێبەکەی (سەخاوی)دا لە پێشەکی ئەو نوسخەیەدا هەیە لە شیخ (محمد ناصر الدين الألباني) لێکۆڵینەوەی لە سەر کردووە و ئەڵێت: "وفي ذي القعدة العلامة -يعني توفي العلامة- الصدر علي بن العلاء علي بن محمد بن محمد بن أبي العز الدمشقي قاضيها -يعني قاضي دمشق - الحنفي شارح عقيدةالطحاوي ". "وە لە ذی القعدة دا عەللامە (علی بن العلاء علی بن محمد بن محمد بن أبی العز الدمشقی) حەنەفی شارحی عەقیدەی طحاوی کە قازی دیمەشق بوو وەفاتی کرد".

لەمەوە ئەزانین کە هیچ گومانێك نامێنێتەوە ڕاست بێ سەبارەت بە شارح و لێکۆڵەری ئەم کتێبە بوروژێنرێت، لە گەڵ ئەوەی کە ئێمە باش ئەزانین ئەوەی گرنگە بە لامانەوە و جێی سوود وەرگرتنمانە ناوەڕۆك و بابەتەکانی ئەم کتێبەیە، بەڵام ئەهلی بیدعە ئەیانەوێت گومان بخەنە سەر دانەری کتێبەکە تاکو لەو ڕێگەیەوە کتێبەکەش گوماناوی بکەن و ببێتە هۆکارێك تاکو خەڵکی لێی دور کەونەوهرو نەیخوێننەوە، ئەنا سوپاس بۆ خوا هیچ گومانێك نەماوە لەوەی کە نووسەری ئەم شەرح و لێکۆڵینەوەیە (ابن أبي العز) بێت.

4. وە لەو بەڵگانەی کە ڕاستی پاڵدانی ئەم کتێبە ئەسەلمێنن بە لای نووسەردا ئەوەیە کە لە هەندێ شوێندا-کە ان شاءالله لە داهاتودا دێتە پێشمان- ئەڵێت: شێخمان حافظ (ابن كثير) ئەفەرموێت، زانراویشە کە (ابن أبي العز) یەکێك بووە لە باشترین و دڵسۆزترین قوتابیەکانی حافظ (ابن كثير) ڕەحمەتی خوای لێبێ-خاوەنی تەفسیری بە ناوبانگی (ابن كثير) - هەرەها ئەو دەقە زۆرانەی کە لە شێخی ئیسلام (ابن تيميه)و شێخی ئیسلام (ابن القيم) هوە وەری گرتووە، لە گەڵ ئەوەشدا کە ئاماژەی بۆ نەکردوون، شیخ (عبد الرزاق عفيفي) ئاگایی و شارەزایی بە سەر زۆرێك لەو دەقانەدا پەیدا کردووەو هەندێ لەو حاڵەتانەی دوپات کردۆتەوە.

حەقیقەت و ڕاستەقینەی بانگەوازی سەلەفی

عەقیدەو بیرو باوەڕی سەلەفی –عەقیدەی ئەهلی سونەت و جەماعەت-عەقیدەیەکی کۆڕایی و کۆمەڵییە، عەقیدەی (إِبْن تَيْمِيَّة) و (ابن القيم) نیە بە تەنها، هەرەها عەقیدەی ئیمام (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) نیە بە تەنها، بەڵکو عەقیدەو بیرو باوەڕی چینی یەکەمە، عەقیدەی پێشینە چاکەکانمانە بە گشتی.

بەڵام ئەوەیە کە شێخی ئیسلام (ابن تيميه)زۆرێك لە قسەو دەقەکانی کۆ کردۆتەوە و ڕێکی خستوون و پاڵفتگەی کردوون، لە زۆرێك لەو مەسەلە کەلامیانەی کە دوای چینی یەکەم دروست بوون قسەی کردووەو چووە بە ناوەڕۆکی بابەتەکانداو وەڵامی گومانەکانی داوەتەوە و مەسەلەکانی بە جوانی خستۆتە ڕوو.

مەسەلەکە بەم شێوەیەیە: ئەم عەقیدەیە عەقیدەو بیرو باوەڕی پێشینە هەر لە کۆنەوە،بەڵام شیخی ئیسلام (ابن تیمیه)بە شێوەیەکی جوان پیشانی داوەو بەرگری لێ کردووەو هەرچی گومان هەبێت لە سەری دروست بوبێت هێناویەتی و دانە دانە پوچی کردونەوە، هەروەها (ابن القیم)یش بە هەمان شێوە.

جا لە ئەنجامی ئەو پاڵەپەستۆیەی کە کراوتە سەر (ابن أبي العز) لەو سەردەمی خۆیدا لە بەرژەوەندی نەبووە کە ئاماژەیان بۆ بکات.

خاوەن بیدعەکان سەیریان ئەکرد هەر وتەیەك (ابن تیمیه)وتبێتی، بێ ئەوەی لێی بکۆڵنەوە و ورد بنەوە پەرچیان دەدایەوەو باوەڕیان پێ نەئەکرد، ئیتر بێ ئەوەی لێی بکۆڵنەوە کە ئەمە ڕاستە یان نا، کە ئەمەش لە نزمترین ئاستی دەمارگیری و شوێنکەوتنی هەواو ئارەزووەوە سەرچاوە دەگرێ.

لەو سەردەمەدا بە شێوەیەك بوو ئەگەر هەر بوترایە (ابن تیمیه)... ئیتر بێ چەن و چوون پەرچیان ئەدایەوەو باوەڕیان پێ نەئەکرد، وە ئەگەر کتێبێکیان لە کتێبەکانی (ابن تیمیه) بەر دەست کەوتایە ... بە هیچ شێوەیەك وەریان نەئەگرت و لایان قبوڵ نەبوو؛ بە شێوەیەك ئەگەر بابەتێك یان مەسەلەیەکت باسکردایەو ناوی (ابن تیمیه)ت نەبردایە وەریان ئەگرت با ئەو بابەتە یان ئەو مەسەلەیە قسەی (ابن تیمیه)ش بوایە.

جا لێرەوە زیرەکی و لێهاتووی شیخی قازی (ابن أبي العز) دەرئەکەوێت، کە ڕەچاوی لایەنی بەرژەوەندی شەرعی کردووەو لایەنی ئەمانەتی علیمیشی فەرامۆش نەکردووە، لە بریتی ئەوەی وتەکان ڕاستەوخۆ بداتە پاڵ شیخی ئیسلام (ابن تیمیه) فەرموویەتی: هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکان دەڵێن، یان زانایان دەڵێن وە هەروەها.



هۆی هەڵبژاردنی بیروباوەڕی پێشین (سەلەف).

عەقیدەو بیروباوەڕی سەلەف-عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعە- مۆرف هەروا بۆ خۆشی و بە ئارەزووی خۆی هەڵینابژرێت، بەڵکو ئەو عەقیدە و بیروباوەڕەیە کە پێویست و واجبە هەموو کەس لەسەری بێت، وە نابێ و دروست نیە کە بە جگە لەم عەقیدەو بیروباوەڕەی هەبێت و خوا پەرستی بە جگە لەم عەقیدەیە بکات.

ئەمەش زۆر بە دڵنیاییەوە ئەیڵێین؛ چونکە ئەمە فەرمانێکی شەرعیە و بۆ هیچ کەسێك نیە پێچەوانەی بکات، ئەوەندەمان بەڵگە لە دەستەسوپاس بۆ خوا-کە بەس بن بۆ لادانی هەر گومانێك کە خۆیان قیت دەکەنەوە، یان پوچکردنەوەی هەر بوختانێك کە کەسانێکی ناحەز بە عەقیدەی سەلەف ئەیکەن، ئەم عەقیدەیە ئەوەندەی تایبەتمەندی و جیاکاری بەهێزو پتەوی هەیە کە ئامادەیی بداتێ و بیکاتە تاکە عەقیدەیەك کە نەکرێت بێ ئەو خوا بپەرستین و باوەڕمان بە جگە لەو هەبێت.



لە تایبەتمەندیەکانی بیروباوەڕی سەلەفی.

تاکە بیروباوەڕێکە کە لە خوای پەروەردگارەوە سەرچاوەی گرتبێت، هەموو عەقیدەو بیروباوەڕەکانی دیکەی جگە لە عەقیدەی سەلەف ئەگەر سەیریان بکەین ئەبینین یان قسەو بیروڕای (یۆنان)ی تێکەڵاو بووە، یان تێکەڵە بە قسەی ئەوانەی کە ناویان لێ ناوون داناو دادوەرو شارەزا کۆنەکان، یان لە قسەی بانگخوازانی بیدعە و گومڕایی و لە ڕێ دەرچووەکانەوە؛ تەنها ئەم عەقیدەیە نەبێت کە هیچ قسەو بیروڕای هیچ کەس و کۆمەڵکی تیا نیە، تەنها ئەو تێگەیشتن و لێ وەرگرتنە نەبێت کە زانایان لە دەقەکانی قورئان وسوننەت تێگەشتوون و ڕاڤەیان کردووە. کەواتە ئەم عەقیدەیە بە پێچەوانەی هەموو عەقیدە و بیروباوەڕەکانی دیکەوە سەرچاوەکەی (وحی)یەو لەوێوە سەرچاوەی گرتووە.

هەورەك چۆن ئیسلام تاكە ئاینی خواییە لە سەر زەویدا كە سەرچاوەكەی وەحی بێت، بەڵام زانایان هەوڵ ئەدەن و كۆشش ئەكەن لە هەندێ شتی فەرعیدا تاكو لە ژێر سێبەری ئەو دەقە تەواوو كولییانەدا بیخەنە دنیای واقع و بەرجەستە بكرێت؛ هەروەهاش عەقیدەی سەلەف بنەما سەرەكی و گشتیەكانی لە خوای گەورەوەیەو سەرچاوەكەی وەحی و نیگای خواییە؛ بەڵام ئەبینین هەندێ مەسەلە هەن كە ئیجتیهادو كۆششیان تیا ئەكرێت لە چوارچێوەی ئەو بنەمایانەوە كە لە(وحی)یەوە وەرگیراوون.

لە بەر ئەوە وتراوە: ئەهلی سوننەت لە ناو ئەهلی ئیسلامدا وەك ئەهلی ئیسلام وان لە ناو هەموو گەل و نەتەوەكانی دیكەدا، عەقیدەی سەلەفی بریتیە لە كتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەر صلی‌الله علیه وسلم بەو شێوە كە نەوەی یەكەم تێی گەیشتوون و لێكیان داوەتەوە، جا بەم تەفسیرە لێكدانەوە لە حەقیقەت و كرۆكی ئیسلام ئەكاتەوە، هەموو تایبەتمەندی و مومەیزاتەكانی ئیسلامی لە خۆ گرتووە.

هەروەها عەقیدەیەكی كۆمەڵی (إجماعي)یە، واتە نەبەستراوە بە كەسێك یان گرۆهێكەوە، بەڵكو عەقیدەی سەرجەم موسڵمانانە بە گشتی، هەموو عەقیدەو بیروباوەڕەكانی تر بیروباوەڕی تاكە كەسێك یان چەند كەسێكن، عەقیدەی (ئیعتیزال) وە هەروەها (ئەشعەریش) لە مێژوودا بە سازێك دیاریكراوە ناسراوە كە كەی سەری هەڵداوە؛ بەوەی كە یەكەم كەس كێ بووە پەیڕەوی (موعتەزلە)ی پەیڕەو كردووەو بلاوی كردۆتەوە، بەڵكو ئەگەر مەسەلە زانستیەكانیش بگرین ئەبینین هەر بەوە شێوەیەن، بە نموونە: ئەزانین كە یەكەم كەسێك كە قسەی لە سەر وتەی نەفسی (الكلام النفسی) كردبێت كێ بووە، یان قسەی لە سەر بە دەست هێنان (الكسب) لە مەسەلەی قەزاو قەدەردا كردبێت كێ بووە، ئیتر زۆر شتی تریش بە مێژووەكەیدا ئەزانین كە كەی ئەم عەقیدەیە دەركەوتووەو بلاو و بۆتەوە، تەنها عەقیدەو بیروباوەڕی سەلەف نەبێت-سوپاس بۆ خوا- چونكە هەمان قورئان وسوننەت و پەروەردەی پێغەمبەرە صلی‌الله علیه وسلم بۆ هاوەڵەكانی و تێگەیشتنی ئەوانە لە قورئان و سوننەت، وە لە ناو هەموو ئەسڵ و بنەماكانی ئەهلی سوننەت و جەماعەتدا هیچ ئەسڵێك نیە بە هیچ شێوەیەك كە لە پاش ئەو سەدە رێزلێندراوانەوە (سێ سەدەی یەكەم) دروست بوبێت و هاتبێتە كایەوە، یان دوور لە كتاب و سوننەت و بە بێ ئەو دوو سەرچاوەیە پەیدا بوبێ، كەواتە عەقیدەو بیروباوەڕێكی كۆمەڵییە.

بەڵام بیروباوەڕەكانی تر ئەوە ڕوونە كە عەقیدەی كەسێك یان چەند كەسانێك بوون و لەوانە لە ئەنجامی زیرەكی و لێهاتووی و تایبەتمەندی زەین و قوڵبونەوەی ژیریدا بونەتە خاوەن شتانێكی زۆر، بەڵام ئەوانە كە لەوان شارەزاترو ژیرترو بیرتیژتر بوون پێچەوانەیان بونەتەوەو باوەڕیان پێ نەهێناون.

بەڵكو زۆرێك لە دامەزرێنەرانی ئەو بیروباوەڕو عەقیدە داهێنراوو گومڕایانە بە سەرشۆڕی و بێ رێزیەوە ژیانیان بردۆتە سەر و هەر بەو شێوەیەش مردوون، (جەعدی كوڕی درهەم) كە خاوەنی بیدعەی نەرێكردن و نەسەلماندنی سیفاتەكانی خوای گەورە (نفی الصفات) بوو بە سەرشۆڕی كوژرا.

(خالیدی كوڕی عبدالله ی قەسری) كە یەكێك بووە لە والیەكانی (نەوەی ئومەییە) لە ڕۆژی جێژنی قوربانداو وتی: ئەی موسڵمانەكان قوربانی خۆتان بكەن-خوالێتان وەرگرێ- چونكە بە ڕاستی من (جەعدی كوڕی درهەم) ئەكەمە قوربانی، چونكە بە ڕاستی ئەو ئینكاری ئەوە ئەكات كە خوا قسەی لە گەڵ موسادا كردبێت بە قسەكردن، ئیتر لەو ڕۆژەدا مسوڵمانەكانی ڕزگار كرد لەو فیتنەیە و ئەوانیش دڵخۆش بوون، چونكە ئەو پیاوە دامەزرێنەری ئەسڵ و بنەمانی نەرێكردنی (نفی) سیفاتەكانی خوای گەورە بوو.

وە (جەهمی كوڕی صەفوان)ی قوتابیشی هەر بە هەمان دەردی (جەعد) چوو ئەویش كوژرا، تەنانەت كاتێك هێنایانە لای (سولەمی كوڕی ئەحوەز)كە ئەو كاتە سەرۆك پۆلیسی نەوەی ئومەییە بوو لە (خۆراسان) پێی وت: تكات لێ ئەكەم مەمكوژە؟!!

وتی: ئەی جەهم سوێند بە خوا لە بەر ئەوە ناتكوژم كە تۆ كەسێكی خاوەن ڕاوو سیاسەت و بەرهەڵستكاری دەوڵەتی، بەڵام چەند قسەیەكی تۆم پێ گەیشتۆتەوە سوێندم خواردووە ئەگەر بكەویتە بەر دەستم لەملت ئەدەم.

جا هەر ئەوبوو كە پەیڕەوو مەزهەبی (جەهمیە)ی دانا.

هەروەها (عبد الله كورِی سەعيد كورِی كلاب) كە بيروباوەڕی (الكلابية)ی داناو (ئەشعەری)ش لە قۆناغی دووەمی ژيانيدا پێش ئەوەی بگەڕێتەوە سەر پەيڕەوی ئەهلی سوننەت و جەماعەت پەيڕەوی لێ ئەكرد.

هەورەها (الحارث المحاسبي) مەيل و لايەنگريەكی بە لای تەسەووف و ئەهلی كەلامدا هەبوو، ئيمام(ئەحمەدی كورِی حەنبەل) فەرمانی دا كە خەڵكی بە تەواوی لێی دوربكەونەوە، ئيتر كەميك نەبێت كەس لە قوتابيانی عيلم لێی نزيك نەئەبونەوە؛ لە بەر ئەوە زانايانی ئەهلی سوننەت و لە سەرو هەموشيانەوە ئيمام (ئەحمەد) فەرمانيان دابوو كە خەڵكی لێی نزيك نەبنەوە و گوێ لە قسەكانی نەگرن.

هەروەها (عەمری كورِی عوبەيد) و (واصلی كورِی عطاء)و هاوڕێيان كە پەيڕەوو عەقيدەی موعتەزيلەيان پێك هێناو دروستيان كرد، هەموو كتێبەكانی (جەرح و تعديل) كۆكن لە سەر تانە لێدان و بە خراپ باسكردنيان (القدح و الطعن).

جا هەر عەقيدەو بيروباوەڕێك جگە لە عەقدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت، يان ئەوەتا لە دوای ئەوانەوە دروست بووە، يان ئەوەتە لە كاتی ئەواندا هاتۆتە بوون بەڵام لە لايەن زاناو پێشەوايانی ئيسلامەوە هەميشە جێگەی تەشەرو تانە بووەو خەڵكی لێ دور خراوەتەوە.

وە بە نزيكی لە سەدەی سێيەمەوە تاكو ئەمڕۆ، زۆربەی مسوڵمانەكان شوێن چوار پێشەواكە كەوتوون، وە بە سورشتی حاڵ كە (شافعی) و (موزەنی) و(ئەسفەرائينی) و(ئەصبەهانی) كە كتێبی (بيان الحجة)ی داناوە، زانا لە دوای زانا، چين لە دوای چين و كۆمەڵ لە دوای كۆمەڵ لە مەزهەبی (شافعی)دا هەموويان لە سەر پەيڕوی ئەهلی سوننەت و جەماعەت بوون.

هەروەها ئەبينين كە پێشەوا (ئەبوحەنيفە) ڕەحمەتی خوای لێبێ لە سەر پەيڕەوی ئەهلی سوننەت و جەماعەت بووە، وە هەروەها (محمدی كورِی حەسەنی شەيباني) و (ئەبو يوسف)يش بە هەمان شێوە، ئينجا دوای ئەوانيش پێشەوا ئەبو جەعفەری تەحاوی) هات كە مەتنی ئەم عەقيدەی داناوە كە ناسراوە بە عەقيدەی تەحاوی كە خۆی لە پەيڕەوانی مەزهەبی پێشەوە (ئەبو حەنيفە) بوو.

وە بەو شێوەيە زۆرێك لەوانەی كە پاڵدراونە لای مەزهەبی پێشەوا (ئەبی حەنيفە) كە لە پێشەوای مەزهەبەكە بوون هەموويان لە سەر پەيڕەوی ئەهلی سوننەت و جەماعەت بوون.

ئينجا مەزهەبی پێشەوا (مالك) كە پێشەوای ئەهلی ئەسەرە بە گشتی، لە سەر پەيڕەوی ئەهلی سوننەت و جەماعەتەسوپاس بۆ خوا- وە قوتابيەكانيشی وەك (القاسم) و (ابن الحسن) و هاوڕێيان، ئينجا ئەوانەی دوای ئەوان هاتن وەك (ابن عبد البر) كە لە گەورەترين زاناو شارەزايانی ولاڵا تی (مەغريب)ە و كتێبەكانی بە ناوبانگ و زانراوون، هەموويان ئەمانە لە سەر پەيڕەوی ئەهلی سوننەت و جەماعەت بوون.

ئيمجا پێشەوا (ئەحمەد) پێشەوای ئەهلی سوننەت و جەماعەت، هەروەها شوێنكەوتووانييشی كە بەردەوام بوون لە سەر پەيڕەويكردنی ئەهلی سوننەت و جەماعەت تاكو سەدەی دەيەم بەڵكو تا ئێستەش.

هەروەها بەم شێوەيەش ئەبينين هەر يەك لە (شوكاني) و (صنعاني) و (ابن الوزير) و هاوڕێنەكانيان لە زانايانی زەيدي، كاتێك كە بە تەواوی بە قوڵايی عليم و زانياريدا چونە خوارێ لە مەزهەبی زەيديەوە هاتنە ناو پەيڕەوی ئەهلی سوننەت و جەماعەت.

شاهيد لێرەدە ئەوەيە كە ئەم عەقيدەيە عەقيدەيەكی كۆمەڵيە لە چەند ڕووەوە:

1. لە سەدەكانی يەكەمدا جگە لەم بيروباوەڕە شتيكێ تر نەبووە، وە هەرچيەك عەقيدەو بيروباوەڕێكی خراپ و تێكدەر(فاسد) بوبێ ئەوە ڕەزيل كراوەو پەرچ دراوەتەوە؛ چونكە زۆربەی زانايان وەك خاوەن

شەش سەرچاوەکە (الأمهات الست)، تەنانەت زانایانی زمانەوانیش لە سەر پەیرەوی ئەهلی سوننەت و جەماعەت بوون.

2.چونکە تاکە بیرو باوەڕە کە بگونجێت و شیاوو بێ بەوەی کە هەموو مسوڵمانانی لە سەر کۆ بکرێتەوە، کە پێویستیشە مسوڵمانان هەموو بە گشتی بە شەرعی و دینی لە سەری کۆ بکرێنەوەو هیچی تر وەرنەگرن، وە بەردەوامیش هەر ئەو عەقیدەیەیە کە هەر وەك چۆن یەکەم نەوەی کۆکردەوەو چاکسازی کردن ئاوەهاش ئەتوانێت نەوەکانی پاش ئەوانیش کۆ بکاتەوە، هەروەك پێشەوا (مالك) ڕەحمەتی خوای لێبێ دەفەرموێت: [["لا يصلح آخر هذه الأمة إلا بما صلح به أولها"]] روي عن الإمام مالك. "کۆتایی ئەم ئوممەتە چاك نابێت مەگەر بەوە نەبێت کە نەوەی پێشەوەی پێ چاك بووە " ئەگەر کۆتایی ئەم ئوممەتە ویستیان کۆ ببنەوەو یەك بگرن و سەربکەون بە سەر دوژمنانیاندا و لە سەر زەویدا دەسەلاڵ ت و پلەو پایەیان هەبێت، کە خوای گەورە کردویەتیە میراتگری بەندە ئمیاندارو باشەکانی خۆی لە نەوەی یەکەمدا، ئەوە لە سەریانە کە ئەم بیروباوەڕە هەڵگرن و باوەڕی پێ بێنن و لە سەری بڕۆن، چونکە بە ڕاستی زامن و دەستەبەرە بەوەی کە بە یارمەتی خوا ببێتە هۆی یەکگرتن و سەر فرازی و سەرکەوتنیان و هیچ بیروباوەڕێکی تر ناتوانێت بە ئەنجامیان بگەیەنێت.

ج. عەقیدەیەکی خۆڕسك و ساغ و تەواوە، هەموو موسڵمانێك کە پەڕاوی خوا ئەخوێنێتەوە هەر بە خۆرسك و فیترەی خۆی باوەڕی پێیەتی، عەقیدەی سەلەفی –عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت- لە ئیماندا، بەوەندە واز دێنێ کە باوەڕێکی کورت و پوختی هەبێت بو کەسێك کە ناتوانێت بە تەواوی لە بەشەکانی باوەڕ شارەزا بێت و تێیاندا قوڵ ببێتەوە.

هەر کەسێك قورئان بخوێنێتەوە یان گوێبیستی ببێ ڕاستەوخۆ بێ لێکدانەوە و بە خۆڕسکی خۆی ئەم ئیمانە کورت و پوختەی لای دروست ئەبێت، چونکە ئاینی هەموو کەسێکە و خوای گەورە بو سەرجەم مرۆڤایەتی هێناوەتە خوار، خوای گەورە نەیهێناوەتە خوارەوە بۆ زانایانێك کە چەندەها پەڕەو کتێب ئەنووسن و دوایی کەس تێیان ناگات و خۆشیان وەحی بە درۆ ئەخەنەوە (مەبەست زانایانی ئەهلی کەلامە -وەرگێڕ-)، بەڵکو خوای گەورە بۆ هەموو خەڵکی ناردۆتە خوار، بۆ دەشتەکیەکی بێ ئاگا کە هیچ نازانێ، بۆ زاناو شارازایەك کە لە کیمیا و فیزیا و زانیاریەکانی تر شارەزایە، بۆ کەسێکی تێ گەیشتوو خوێنەوارو پلە بەرز، بۆ کەسێکی نەخوێنەوارو بێ ئاگا، ئەم قورئانە داواکاری و پێویستی هەموو چینەکانی مرۆڤ بە جێ دێنێت و هەموویان بە گشتی سوودی لێ وەرئەگرن و ڕێی هیدایەت و ڕۆشنی تیا ئەبینەوە.

وە لەوانەی کە ڕۆشنی و سەلامەتی ئەم عەقیدەیە ئەگەیەنێ ئەوەیە کە نەیارانی بیروباوەڕی سەلەفی ئینکاری هەندێ مەسەلە ئەکەن لە بابەتە گرنگەکانی وەك سیفات و بابەتەکانی تر و وا ئەدەنە قەڵەم کە ئەمانە زۆر لێڵن و لە کاتێکدا زۆر ڕون ئاشکران تەنانەت بو نەخوێنەواریش، بە نموونە کاتێك کەسێکی نەشارەزا ئەم یایەتەی خوێندەوە یان گوێی لێ بوو : ﴿الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى﴾ [طه: 5]
پێی ئەڵێی: ئایا(الرحمن) لە سەر عەرشە (تەختی فەرمانڕەوایی خوای پەروەردگار)؟

لە وەڵامدا دەڵێ: بەڵێ.

ئیتر بە هیچ شێوەیەك بە خەیاڵیدا نایەتە کە مانای (استوى) لە ماناکەی خۆی لابرێت و و بکرێت بە (استولى).

وە گرنگتر لەوەو بە ئاڵۆزتر لەوە ناێێت بە بیرو خەیاڵیدا کە بەم شێوەیە وەسفی خوای گەورە بکات و بڵێت: خوا نە لە ناو جیهانە وە نە لە دەرەوەی جیهانە، وە نە لە لای ڕاستی جیهانە و نە لای چەپ، وە نە لە دواوەی جیهانە و نە لە پێشەوەی جیهانە، وەك چۆن (ئەشعەریەکان) دەیڵێن و باوەڕیان پێیەتی.

وە لە مەسەلەی باوەڕدا هەریەك لە (مورجئیە) و (خەوارج) بە یەکەوە دەڵێن: باوەڕ نە زیاد ئەکات و نەکەم؛ وە لە بەر ئەوە (خەوارج) ئەڵێن: هەر کەسێ تاوانێکی گەورەی ئەنجام دا ئەوە کافرو بێباوەڕ بووە، چونکە مادەم بەشێك لە باوەڕەکەی کەمی کردووە ئەوە مانای وایە هەموو باوەڕەکەی کەمی کردبێ و ئیتر باوەڕی نەماوە (چونکە باوەڕیان وایە کە باوەڕ یەك بەشەو جیا ناکرێتەوە).

لەملاشەوە (مورجئیە)کان ئەڵێن: مادەم زیناکەر کاتێ کە زینای کرد هەر بە باوەڕداری ئەمێنێتەوە، کەواتە باوەڕ کەم ناکات تەنها بە کوفر نەبێت.

بەڵام ئیمان و باوەڕ لە کن (ئەهلی سوننەت و جەماعەت) زیادو کەم ئەکات، جا ئەگەر یەکێك لە عەوام و نەشارازیان هات و ئەم فەرموودەی خوای گەورە خوێندەوە کە دەفەرموێت: ﴿وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَانًا﴾ [المدثر:31] ﴿وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدًى﴾ [محمد:17] ئەوە هەر بە فیترەو زیرەکی و بەدیهی خۆی بێ ئەوەی کەس دەرسی دابات و پێی بڵێ ئەڵێت کە باوەڕ زیاد ئەکات.

هەروەها قەدەر –کە لە زۆربەی ئەو بابەت و لێکۆڵینەوانەیە کە خەڵکی تیایدا ڕای جیا جیایان هەیەو چەندەها کتێبی گەورە گەورەی لە سەر نوسراوە کە هیچ سوودێکیان نیەو برسێتی تێر ناکەن- هەموو کەسێك کە فەرموودەی خوای گەورە بخوێنێتەوە کە: ﴿وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ﴾ [الإنسان: 30] ئەگەر پرسیارت لێ کرد ئایا تو ویست و ئیرادەت هەیە؟

ئەوە دەڵێ: بەڵێ، ئەوەتە خوا ئەفەرموێت: ﴿وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ﴾ [الإنسان: 30] تۆ ویست و مەشیئەتت هەیەو خواش سبحانەوتعالی ویست و مەشیئەتی هەیە.

جا لێرەوە دەڵێین کە: هەموو ئەو ئایەت و فەرموودانە کە لە سیفاتەکان و بنەماو بنچینەکانی عەقیدە دەدوێن لەو ئایەتانە نین کە ماناکانیان ڕوون نیە و واتە لە (متشابە) نین؛ بەڵکو لەو ئایەتانەن کە ماناکانیان ڕوون و ئاشکرایە، واتە (محکم)ن، هەرچەندە لە هەندێیکیاندا لەوانەیە کە ئەگەر زانایان یان قوتابیانی علیم و زانست نەبێت خەڵکی تر تێی نەگەن، بەڵام بە گشتی لە ئایاتی (محکم)ن نەك (متشابە)، بەڵام بواری تێگەیشتن ئەوە جیاوازەو لە یەکێکەوە تا یەکێکی دیکە دەگۆڕێت هەریەك بە پێی ئەو زیرەکیەی کە خوای گەورە پێی بەخشیوە لە زمان و ئەهلیەت لەو کارەدا.

ئەم تایبەتی و جیاکاریانەو جگە لەمانەش وامان لێ ئەکەن کە تەنها بەم عەقیدیە خوا پەرستی بکەین و هیچ بیروباوەڕو عەقیدەیەکی دیکە لە ژیانماندا نەکەینە بەرنامەی خۆمان، فێری ببین و شارازەیی لێ وەربگرین و لەم ڕێگەیەوە خواپەرستی بکەین، خۆ ئەگەر شارەزاییمان لە جگە لەویشدا وەرگرت ئەوە تەنها لە بواری ئەوەیە کە شارەزایی نارێکی و بەتاڵیەکەیان ببین نەك باوەڕمان پێی هەبێت و وەری بگرین.

ئەوەی لەم عەقیدەدا هەیە بەسمانە، چونکە پێغەمبەر صلی‌الله علیه وسلم هەروەك لەو فەرموودەیەدا کە پێشەوا(نەسائی)ئەیگێڕێتەوە کاتێك کە پەڕەیەك لە (تەورات) بە دەستی (عومەری کوڕی خەتاب)وە خوا لێی ڕازیبێ ئەبینێت ئەفەرموێت:{ أوقد فعلتموه، والله لو كان موسى بن عمران حيا ما وسعه إلا اتباعي} حديث صحيح رواه أحمد (387/3) عن جابر بن عبد الله، وحسنه الألباني في الإرواء (1589). {ئەوە ئەو کارەتان کرد، سوێند بە خوا ئەگەر موسای کوڕی عیمران زیندوو بووایە هیچ ڕێگەیەکی نەبوو جگە لە شوێنکەوتنی من } وە کاتێکیش کە (سەعدی کوڕی ئەبي وقاص) شاری مەدائین (مدائن کسری) ی گرت، کۆمەڵێ کتێبی گەورەیان بینیەوە کە کیسرا لای خۆی پاراستبوونی لە جۆرەها زانست و هونەرو بابەت، نوسیان بو (عومەر)خوا لێی ڕازیبێ: ئایا ڕازیت کە بیگوێزینەوە بۆ مسوڵمانەکان یان سوودو قازانجیان لێ بکەین؟

وتی: بیانسوتێنن، یان نوقمی ئاویان بکەن، هەرچی شەڕو خراپەو بێ کەڵکی تیا بێت ئەوە خوا لە کۆڵی کردوینەوە، خۆ ئەگەر خێرو باشەیەکیشیان تیا بێت ئەوە سوپاس بۆ خوا خوای گەورە بێ نیازی کردووین بەوەی کە زۆر لەوانە باشترو بە سوودترمان هەیە.

لەوەرگرتنی ئاینەکەمان و ناسینی پەروەردگارمان پێویستمان بە هیچ سەرچاوە و ژێدەرێکی تر نیە جگە لەو سەرچاوەیە کە پێغەمبەرو هاوەڵەکان لێیان وەرگرتووە ئەویش کە نیگاو (وحی)یە.

جا مەسەلەی وەرگرتنی بیروباوەڕ هەروا ئاسان و سانا نیە، بەڵکو پڕ لە مەترسیە، چونکە تەنها ڕایەك یان بیروبۆچونێك نیە کە مرۆڤ ئازاد بێت تیایدا و بە ئارەزووی خۆی بیری لێ بکاتەوەو هەڵیبژێرێت؛ بەڵکو مەسەلەکە

شوێنکەوتن و پابەند بوون و خۆبەدەستەوە دانە بۆ خوای گەورە سبحانە وتعالی، هەرکەسێ هەقی ئەوێت و ئەو ئاینە ڕاستەی ئەوێت کە لە لایەن خواو هاتووە، ئەوە پێویستە لە سەری کە شوێن ئەم بیروباوەڕە کۆمەڵیە بکەوێت و ئیتر بۆی نیە بە هیچ شێوەیەك لێی لابدات و دەربچێت.

خۆ ئەگەر وا نەبێت ئەوە بە ڕاستی لە ڕێگەی موسڵمانان لائەدات و لاپەڕ ئەکەوێت، وەك خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ﴾ [النساء: 115] {ئەوەش دوژمنایەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بکات و لێی جیا بێتەوە لە دوای ئەوەی ڕێگەی ڕاست و دروستی بۆ ڕوون بۆتەوەو ڕێبازێك بگرێتە بەر کە جیا بێت لە ڕێگەو ڕێبازی ئیمانداران، ئەوە ڕووی وەردەچەرخێنین بۆ ئەو ڕووگەو بەرنامەیەی هەڵیبژاردووەو ڕوی تێکردووە، (لە قیامەتیشا) دەیخەینە ناو دۆزەخەوە و دەیسوتێنین کە ئەویش سەرەنجامێکی زۆر ناخۆش و سامناکە} ئەم ئایەتە لەو ئایەتانەیە کە بەڵگەن لە سەر بەبەڵگەبوونی کۆڕا-حجية الإجماع – هەروەك زانایان دەقیان لە سەر ئەوەیە کە شوێنکەوتنی ڕێگەی جگە لە موسڵمانان تووشی پەرتەوازەییمان ئەکات و لە ئاینی ڕاست لامان ئەدات، جا کەواتە پێویستە هەموومان شوێن شارێگەی ڕاستی پەروەردگار بکەوین و لێی لانەدەین وەك خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيماً فَاتَّبِعُوهُ وَلا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ﴾ [الأنعام:153]. {وە ئەم ڕێبازی منە کە ڕاستە دە ئێوەش شوێنی بکەون و شوێنی ڕێچکەکانی تر مەکەون چونکە جیاتان دەکاتەوە لە ڕێبازی خوا}.